# بیرکردنەوەی رەخنەگرانە



Rahenan

# بۆچی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە گرینگە؟

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، کۆمەکیمان دەکات کە بەشێوەیەکی ورد، ڕوون و ژیرانە بیرکردنەوە لە بارەی پرس و بابەتە ئاڵۆز و جوداکان دەرببڕین و شیکردنەوە و شرۆڤەیان بۆ بکەین، ئەمەش هاریکاریمان دەکات لە چارەکردنی پرسەکەدا بەشێوەیەکی دروست. شیکردنەوەی قوڵ و وردپیوی لەسەر بابەتێک یان گرفتێک، کلیلی سەرکەوتنە لە کار و پیشەدا، چونکە هاریکاری جڤاک دەکات بۆ ئەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشەکانی ڕۆژانە بدۆزێتەوە. بۆ نموونە: بەبێ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پزیشک و توێژەران ناتوانن چارەسەری جیاواز بۆ نەخۆشی و گرفتەکان بدۆزنەوە، هەروەها دەزگەکانی جێبەجێکردنی یاسا ناتوانن پرسەکان یەکلا بکەنەوە.



# ناساندن

ڕۆژانە و بەبەردەوامی منداڵان زانیارباران دەکرێن لە ژینگەی جیاوازی وەکوو: «فێرگە، ناوپۆل، سەرهێڵ، هاورێ، دابونەریت، خێزان، کۆمەڵگە و ...». پێویستە منداڵان بزانن چۆن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو شتانە بکەن کە دەیبیستن و دەیبینن بۆ پێکهێنانی بیروبۆچوون و باوەڕی خۆیان. کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتییە لە توانای وێناکردن، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانیاری بۆ دیاریکردنی ڕاستی و دروستی، واتە دروستی و نادروستیی باس و بابەتە جیاوازەکان. کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بنەمایەکی پەروەردەییە، هەروەها کارامەیەکی گرینگی ژیانە. بەبێ توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، منداڵان لە بواری ئەکادیمیدا دووچاری گرفت دەبنەوە، بەتایبەتی کاتێک تەمەنیان گەورەتر دەبێت.

لە ڕاستیدا، گرینگ نییە منداڵەکەت لە داهاتوودا چ کارێک دەکات یان دەبێت بە چی، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە فێر ببن چۆن بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر بکەنەوە، چۆن چارەی کێشەکان بکەن و بڕیار بدەن.

دایکوباوکان، گرینگە دڵنیا بن لەوەی منداڵەکەیان دەتوانن خۆیان بیربکەنەوە و لە پاڵ ئەمەشدا دەرفەت بسازێنن بۆ پیادەکردن و خویاکردنی بیرکردنەوەکانیان، ئەمەش کۆمەکیی منداڵەکان دەکا کە هزرێکی ڕەخنەیی تەندروستیان هەبێت. بەو جۆرە ڕۆڵێکی باشیان دەبێت لە بارهێنانی منداڵەکانیان بە دیدێکی ڕەخنەییانە و لە ئەنجامدا منداڵەکە سەرکەوتوو دەبێت لە ڕووی ئەکادیمی، پیشەیی و پەیوەندسازی.



# هەنگاوەکانی فێرکردنی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە

## 1. هاندان

هاندانی فێرخواز یەکێکە لە ڕێگە گرینگەکان بۆ ئەوەی ببێت بە کەسێک بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەبێت، کاتێک فێرخوازێک ڕەخنەیەک یاخود پرسیارێکی بەرۆکگیری هەیە دەربارەی هەر بابەتێکی کلتووری، ئایینی، مێژوویی، جڤاکی و ... مامۆستا دەبێت هاندەری بێت، نابێت ڕێگری لێ بکات، دەربڕینی ئەو پرسیارانەی لە مێشکی منداڵدا پەنگیان خواردووە، وا دەکات لە داهاتوودا تاکێک دروست بکات بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەبێت.

## 2. هاندان بۆ پرسیارکردن

هەرچەند هەندێک جار پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی منداڵەکەت بێزاری بەدەمەیەوەیە، بەڵام گرینگە منداڵەکەت هان بدەیت بۆ پرسیارکردن لە شتەکان. چونکە پرسیارکردن بنەمای بیرکردنەوەی ڕەخنەییە و ئەو کاتەی تەرخانی دەکەیت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی منداڵەکەت-یان دۆزینەوەی وەڵامەکان بەیەکەوە، هۆکار دەبێت بۆ فرەوانبوونی ڕوانگەی منداڵەکەت و بێجگە کە لە ڕەوانبێژییەکەی کەسێکی ڕەوانبێژییەکەی، دەتوانێت باشتر لێدوانە جیاوازەکان بناسێتەوە و زانیارییان لە بارەوە بدات. هەروەها دەتوانیت وا لە منداڵەکەت بکەیت پرسیار لە بارەی شتەکانەوە بکات و کەسیکی پرسن بێت ئەمەش کاتێک دەبێت کە خۆت پرسیار لە بارەی شتەکانەوە دەکەی.



# هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە

ئامانج لە گرینگیدان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، دوای شەنوکەکردن، هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردن، گەیشتنە بە ڕاستی و دروستیی باسەکان. گرینگترین هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بریتین لە:

- کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو، دەربارەی ئەو بابەتەی دەکرێتە تەوەر، بەو باس و توێژینەوانەشەوە کە باس لەو تەوەرە و زانیاریی پەیوەندیدار بەو تەوەرە دەکەن.
- خوێندنەوە و وردبوونەوە لە تەواوی ئەگەرەکان و کاری شیکاریی دژە تەوەرەکە و ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان.
- لەبەرچاوگرتنی پێوەری زانستیی لە هەموو ڕەهەندە هزرییی، زمانی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکاندا.
- هەڵسەنگاندنی بێلایەنانە بەپێی ئەو پێوەرانەی سەرەوە و پشتبەستن بە بەڵگەی لۆژیکی.

ئەمەش هەمووی پێویستی بە وردبینی، پەلەنەکردن، بازنەدان بەسەر قۆناغەکاندا، بابەتیبوون، بێلایەنی، نەبوونی دەمارگیری و بڕیارنەدانی پێشوەختە هەیە.

## 5. ژینگەیەکی ئاسوودە فەراهەم بکە

فێرکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە فێرگەکاندا گرینگە، بەڵام کاریگەر نییە ئەگەر فێرخوازان ترسیان هەبێت بەشداری گفتوگۆ یان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. زۆرجار، منداڵان نایەنەوێت لە پۆلدا قسە بکەن چونکە ترسیان لە هاوپۆل یان هاوتەمەنەکانیان هەیە کە بشکێندرێنەوە کاتێک بە هەڵە وەڵام بدەنەوە. لەجیاتی ئەوە، بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، ژینگەیەکی پۆل (یان خێزان) درووست بکەن کە بتوانن هەست بە ئازادی بکەن و بە قووڵی بیر بکەنەوە بەبێ ئەوەی ترسیان هەبێت کە شۆخییان پێ دەکرێت .

بۆ ئەنجامدانی ئەمە، پێیان بڵێ ئاساییە کە هەندێک جار هەڵە بکەی، چوونکە لە هەڵەکانمانەوە فێردەبین. ڕاپۆرتێکی بەهێز لەگەڵ منداڵان ئامادە بکە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەوان دەزانن تۆ وەک کەسێک گرینگییان پێ دەدەیت، بۆیە ئامادەییان دەبێت بۆ سەرکێشیکردن، قوڵتر بیر بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر هەڵەش بن.






## 3. هانیان بدە با کراوەبن

فێرکردنی منداڵان تا بیرکراوە بن، دەشێت بەرۆککگیرییەکی سەخت بێت، بەڵام ئەمە چەمکێکی گرینگە. مەرجی بوون بە کەسێکی ڕەخنەگر، بریتییە لە توانای بابەتیبوون و هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکان بەبێ لایەنگیری.

منداڵەکانتان فێر بکەن کە بە بیرێکی کراوەوە سەیری شتەکان بکەن، پێویستە بڕیار و گریمانەکانی خۆیان هەمیشە وەک ڕاستینەیەکی ڕەها سەیر نەکەن. دەبێت باسی هەندێک چەمک بکەیت کە هانی بیرکراوەییان دەدات وەکوو چەمکی هەمەچەشنی، هەمەلایەنی و دادپەروەری.

## 4. فێریان بکە گرفتەکان چارە بکەن

یەکێک لە ڕێگەکان بۆ فێرکردنی منداڵان تا بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان هەبێت، ئەوەیە کە فێریان بکەی چۆن گرفتەکان چارە بکەن. بۆ نموونە، داوایان لێ بکە بیرۆکەبارانە بکەن بۆ دۆزینەوەی لانی کەم پێنج ڕێگە بۆ چارەکردنی گرفتێکی دیاریکراو.

لەوانەیە داوایان لێ بکەی بۆ گواستنەوەی تەنێک لە گۆشەی ژوورێکەوە بۆ گۆشەیەکی دیکە بەبێ بەکارهێنانی دەستەکانیان. لە سەرەتادا لەوانەیە وا بیر بکەنەوە کە ئەستەمە، بەڵام بە کەمێک پشتگیریکردنیان لەوانەیە دەیان چارەسەر ببینن بۆ ئەنجامدانی کارەکە (وەک بەکارهێنانی قاچیان).
هاریکاریان بکە بۆ بیرۆکەبارانە بۆ دۆزینەوەی چەندین چارەسەر بۆ هەمان کێشە و هەڵبژاردنی باشترین ڕێگە کە بۆیان گونجاوە.



## کارامەیی بەدەستهاتوو

- فێری چەمکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبم.
- فێری هەنگاوەکانی فێرکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبم.
- فێری گرینگی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبم.




E Rahenan